# زەرد شاڕەنگی ئێکسسوارە

چەندە نەخش و دیزاینی جلوبەرگ گرنگە، ڕەنگەکەشی ئەوەندە و بگرە زیاتر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانیت دەستە جلێکی جوان و ڕازاوە لەبەر بکەیت. کاتێك ڕوو دەکەیتە هەڵبژاردنی جلێك، ئاراستەی بینینت سەرەتا بۆ ڕەنگەکەی دەچێ، پاشان سەیری نەخش و شێوازەکەی دەکەیت، چونکە دەستنیشانکردنی ڕەنگ لە پێش هەموو هەنگاوەکانی پەسەندکردنی جلوبەرگە، ماوە ماوەش دیزاینەرانی جلوبەرگ، یەکێك لە ڕەنگەکان دەکەنە شاڕەنگی جلوبەرگی ئەو وەرزە، یان ئەو ماوەیە. لە دواترین هەڵبژاردنی ڕەنگەکان کە مۆدی سەرەتای ساڵی (٢٠١٦)یە، مارکەی پرادا، بۆ جلەکانی ڕەنگی زەردی وەك ڕەنگی سەرەکیی داناوە، هەرنەوەك تەنیا ئەو ڕەنگە بەڵکو لق و پۆپی ئەو ڕەنگانەی دیکەش کە نزیکن لە زەرد، واتە زەردی کاڵ و تۆخ، ڕەنگی لیمۆ، زەردی ڕەنگی خۆر، هەندێ جاریش زەردی تێکەڵ لەگەڵ ڕەنگی سەوز، بەڵام مەرجە زەردەکە زاڵ بێت بە سەر سەوزەکەدا، تا ببێتە زەردی بە بریقە، پێکهاتەی ئەو ڕەنگە لە هەردوو بەشی جلەکانی سەرەوە و خوارەوە دادەنرێت، واتە دەتوانی چاکێت و بلووز و بۆدی و قەمیسەکەشت لە ڕەنگی زەرد بێت، یان پانتۆڵ و جینز و تەنوورەیەکی زەرد لەبەر بکەیت، ئەو جلە زەردە لەگەڵ جلەکانی لە ڕەنگ ڕەش و سپی و ڕەساسی و پورتەقاڵی دەگونجێت و تەنانەت دەتوانی ئێکسسوارەکانیش لەو ڕەنگە هەڵبژێریت تا مۆدێکی نایابت لە ڕەنگی زەرد بۆ خۆت درووست بکەیت.



## هەنگاوەکانی خۆشی و خۆشەویستی نێوان هاوسەران



## پۆشاکێکی گەرم و جوان لەبەر منداڵەکەت بکە

چەندین هەنگاو و کاری سادە و ساکار هەن، کە پێوەندی نێوان هاوسەران و خۆشەویستیان بەرەو باشتر دەبەن، ئەو هەنگاوانەش پێویستن بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە بەردەم کەسانی خۆشەویست و هاوسەرانیان خۆشەویست و جێی متمانە و تێگەیشتن بن، کە وەك کلیلێك بۆ دەرکەوانی خۆشی و خۆشەویستی بەکاردەهێندرێن تەنانەت ئەگەر کێشە و ناکۆکیش هەبێت، چارەسەر دەکرێن. لێرەوە ئاشنای ئەو هەنگاوانە بە:

- هەندێ جار هاوسەرت، یان کەسی خۆشەویستت ڕەنگە ئاگادارت نەبێ و فەرامۆشت بکات، نابێ ڕاستەوخۆ گلەیی و گازاندنەی لێ بکەیت، چونکە ڕەنگە خەریکی کار و ئەرك و گرفتێك بێت، چاکتر وایە بە هێمنی و بە زیرەکی خۆت هۆکاری فەرامۆشکردنەکە بزانیت.

- ڕێگە بدە بە هاوسەر و خۆشەویستت بۆ گوزارشت کردن لە ڕەخنە و گلەیی و گازاندەکانی، جار جارەش لێی بپرسە کە چ هەنگاوێك، یان کارێکی تۆی بە دڵ نییە، تا بتوانن لە گرفت و ناکۆکی یەکتر تێبگەن و چارەسەری بکەن.

- هەندێ کات هەیە، کە کەسی بەرامبەرت نایەوێ باسی شتێکی تایبەتی یان گرفتێك بکات، هەوڵمەدە زۆری لێبکەیت تا قسەکە بدرکێنێت، ماوەی بدەرێ تا خۆی بۆتی باس بکات.


- کەسانێك هەن ڕەنگە مەبەستیان بێت کە هەنگاوێك بۆ خۆشی و خۆشەویستی تۆ بنێن، بەڵام ناشزانن چیت پێ خۆشە و چیت مەبەستە، بۆیە ماوە ماوە لە خۆتەوە بڵێ، پێم خۆشە هاوسەرم یان خۆشەویستم ئەو کارەم بۆ بکات، تا ئەویش بزانێ و ئاشنای ئارەزووەکانت بێت.

- ڕەنگە تۆ لەو کەسانە بیت کە هەست و سۆزت بەهێز بێت و کەسێکی ڕۆمانسی بیت، بەڵام ئەو کەسە خۆشەویستەت وا نەبێت و لێی نەزانێت. ئەگەر واش بوو پێویست ناکات بیکەیتە ناخۆشی و بە گلەیی دەریببڕی، چاکترە بیری بهێنیتەوە کە جاران ئەو کارە و ئەو هەنگاوانەی بۆت کردووە، تا ئەویش هەست بە دۆخەکە بکات و هەنگاوی جوانترت بۆ بهاوێژێت.





خانمانی دایك و کچانی بەرپرس لە جوانکردن و گرنگیدان بە منداڵان، پێویستە بە وریایی و کارامەیی جلوبەرگ و کەرەستەکانی منداڵان هەڵبژێرن تا جوان و ڕازاوە بن. پۆشاك وجلی منداڵان، تا چەند جوان و ڕازاوە بن، گوزارشت لە دەستڕەنگینی و کارامەیی تۆی خانم دەکات، چونکە جوانی منداڵان لە بەرچاوانە و کاتێك منداڵەکەت پاك و بە جلێکی جوان پۆشتە دەبێ، ئیدی هەموو دەڵێن، دایکێکی دەستڕەنگینی هەیە، هەندێ جاریش دایکان و کابان و کچانی ماڵ، زۆر بە ئەستەم جلوبەرگ و پۆشاك بۆ منداڵان هەڵدەبژێرن و دوودڵیش دەبن لە دەستنیشانکردنی کەرەستەیەك، بۆیە تۆی خانم پێویستە دوو لایەن لە هەڵبژاردنی پۆشاکی منداڵەکەت بەدی بکەیت، یەکەمیان: دەبێ جل و پۆشاکی منداڵان گەرم و گوڕ بێت و منداڵەکەت لە سەرما بپارێزێ، دووەمیش: وا چاکە جگە لە گەرمکردنەوە، جوان و سەرنجڕاکێش بێت. لەم وەرزەی سەرما و سۆڵەدا، وا جوانە جلێکی پۆشتە لەبەر منداڵەکەت بکەیت، لە بیریش مەکە پێڵاوێکی ڕەنگاوڕەنگ و جوان لە پێیان بکەیت، تا قاچ و پێیەکانی گەرم بکاتەوە. هەروەها مۆدێکی نایاب بێت و لەگەڵ جلوبەرگەکانیدا گونجاو و شیاو بێت.



# وێنەکێشان بێ بەرامبەر!

هەندێ لە بەهرەمەندان و خاوەن بیرۆکە و کاری جوان، وەك سەربازی ون ڕۆڵ دەبینن و بەبێ ئەوەی ناودار بن و بەرچاو بن، لە هەوڵەکانیان سڵ ناکەنەوە و بەردەوام دەبن، کاتێك بەهرەیەکیان هەیە بە هەر چەشنێك بێت خزمەتی وڵاتی خۆیان دەکەن. نموونەی ئەو کچە ئیتاڵییەیە کە بە بێ ئەوەی مووچە و پاداشتێکی هەبێ، لە خۆیەوە بیرۆکەکانی لەسەر دارو دیواری شارەکەی دەنەخشێنێ، ئەو کچە ناوی (ئەلیس پاسکوینی )یە، لە شاری لازیۆی ئیتاڵیا دەژی، تەمەنی (٢٥) ساڵە، بەهرەی وێنەکێشانی لە منداڵییەوە هەبووە، بەڵام لەو بوارەدا نابێتە کەسێکی بەناوبانگ، خوێندنی کارگێڕی تەواو دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا حەز و ئارەزووی بۆ وێنەکێشان فەرامۆش نەکردووە و زوو زوو وێنەیەك دەکێشێ، تا گەیشتە ئەو بیرۆکەیەی کە بە خۆڕایی و لە خۆیەوە وێنەی جوان و دڵگیر لە شوێنە گشتییەکانی شارەکەی بکێشێ، تا بە بەرچاوی هەموانەوە ببێتە تابلۆیەکی نایاب، تا ئێستا نزیکەی (١٥٠) وێنەی جۆراوجۆری لە سەر دیوار و شەقامی شارەکەی وێنا کردووە، خەڵکی شارەکەش کە ئەو وێنانە دەبینن، دەزانن وێنەکانی ئەلیسە و هەر بۆیە لاریان نییە لەسەر وێنەکێشان لەسەر دار و دیواری ماڵ و باڵەخانەکانیان.





# مێز و فەرشی ئەفسوناوی



# زەماوەند و هاوسەری لە نێو جەنگدا

چەند ساڵێکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست نەهامەتی و جەنگی تیرۆر و شەڕ و ئاژاوە دەناڵێنێت، ئەوەی باجی سەرەکی دەدات هاووڵاتییان و خەڵکن، کە ماڵ و شوێنی نیشتەجێیان بەر تۆپ و گوللەی شەڕ و جەنگ دەکەوێت و دواجار ماڵ کاولبوونیان بۆ دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەو شەڕ و ناخۆشییە، کوڕ و کچێکی سووری زەماوەندەکەیان بردە ئەو شارەی کە لە پێشوودا لەوێدا بەیەك گەیشتن و دڵ و هەستیان ئاوێتەی یەکتر کرد، دڵیشیان نەهات بچنە شوێنێکی دیکە زەماوەند بگێڕن، هەریەکە لە (شیراز و نەدا) خۆشەویستی یەکتر بوون و دوای ئەوەی شاری حەمسی سوورییایان لەبەر شەڕ و جەنگ جێهێشت، بۆ دواجار بڕیاری بەیەکگەیشتن و هاوسەری و زەماوەندیان لەو شارە کاول بووە بەڕێ کرد، (شیراز) تەمەنی (٢٧) ساڵە و سەربازە و (نەدا)ش تەمەنی (٢٥) ساڵە و قوتابی زانکۆیە، ئەگەرچی لەو شارە شەڕ بەردەوامە، بەڵام هەریەکە لە بووك و زاوا پێداگرییان کرد لەوەی هەر هیچ نەبێ وێنەی هاوسەرییان دەبێ لە شارەکەی خۆیان بگرن، دواتر لەگەڵ فۆتۆگرافێك بە ناوی (جەعفەر مەرعی) دەچنە نێو شارەکە و لەگەڵ خەمی داڕمان و کەوتنی باڵەخانە بەرزەکانی شارەکەیان، چەندین وێنەی جۆراوجۆریان بە خەم و پەژارەوە گرت، ئەو ماوەیەی ئەو بووك و زاوایە لەو شوێنە مانەوە تەنیا (١٥) خولەکێك بوو، دواتر شوێنی وێنەگرتنەکەیان بۆردومان کرا کە ئەوان شوێنەکەیان جێهێشتبوو.




دوای ئەوەی زانکۆ تەواو دەکات و هیچ کارێکی دەست ناکەوێت، لە پێشووتریشدا کاری دارتاشی کەرەستە و کەل و پەلی ماڵ دەکرد، بۆیە بڕیاری دا کە کۆمپانیایەکی دروست کردنی کەرەستە جوان و سەیرەکان رابگەیەنێت، لە یەکەم کارە سەیرەکانی توانی سەرنجی هەمووان رابکێشێ، کە چەند مێزێکی دروست کردووە، کۆمەڵێك سیفاتی هەمە چەشنی هەیە، ئەو کوڕە گەنجە لە وڵاتی (قوبرس) دەژی، لە دایکبووی (١٩٨٧)ـە و ناوی (ستیلیوس موزاریس)ـە. کەرەستە سەیرەکانی ئەو گەنجە، زیاتر لە کەرەستەیەکە، یەکێك لەو مێزانەی لە ماددەیەکی نەرم دروستکردووە و دەچەمێتەوە، واتە دەتوانی بیکەیتە مێز و هەروەها بیکەیتە فەرش و مافوور، واتە ئەوەندە دەچەمێتەوە شێوەی لە مێزەوە دەبێتە رایەخ، جگە لەوەی کە شێوەی ئەو مێزانە بە دڵ و ئارەزووی خۆت دەچەمێنێتەوە، تا مەبەستت بێت لە هەر شوێنێکی دابنێت جێگەی ببێتەوە و کێشەی نەبێت، بیرۆکەیەکی دیکەشی بەکارهێناوە، کە ژێرەوەی هەر مێز و کەرەستەیەکی کردۆتە نمایشێك، دەتوانی مێزەکە سەراوژێر دابنێت و نمایشێکی وێنە ببینیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و لەگەڵ کەسانی دەوروبەر کێشە و گرفتت بۆت درووست بووە، بەڵام دیاریەکی بەنرخت پێشکەش دەکرێت لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە، هەر ئەمەش دەئبێتە سەرەتایەك بۆ دووبارە بەهێزبوونی پێوەندی سۆزداریتان، دوای ئەوەی کۆتایی بە گرفتی نێوانتان هات.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

با هەنگاوەکانت بۆ خودی خۆت بێت باشترە و هەوڵی تەواو بدە کەسانی دیکە کاریگەریان لەسەر کارەکانت نەبێ. ئەو بێدەنگییەی ئێستا پەیڕەوی دەکەی، کەسی بەرامبەری خستۆتە بارێکی سەختی بیرکردنەوە. هەر قسەیەکت هەیە لێی مەشارەوە و راشکاوانە پێی بڵێ پێش ئەوەی لە دەستی بدەی.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

مەهێڵە کەس دەستتێوەردانی ژیانی تایبەتیت بکات. نهێنییەکانت بپارێزە و ئاگاداری پێوەندییەکانت بە. لەئێستاوە هەوڵ بدە بە شێوەیەك وەڵامی کەسی بەرامبەر بدەیتەوە کە بڕوات پێ بکات و لێت زیز نەبێت، بەهۆی ئەوەی ماوەیەکە وا هەست دەکات لەبیرت کردووە و چەند پرسیارێکت ئاراستە دەکات.




## وتە

- ئەفلاتوونی فەیلەسووف بۆ ونبوون لەژیان گوتوویەتی: لامان ئاساییە کاتێك منداڵێك دەبینین لە تاریکی دەترسێت، بەڵام کارەساتی گەورە ئەوە کە مرۆڤی گەورە لە ون بوون و تارمایی بترسێت و چونکە چارەسەری نییە.

## كاريكاتێر

- لەم كاریكاتێرەدا، باس لەو كەسانە دەكات كە هیوا و ئاواتی كەسانی دیكە دەخوازن، ناشزانن كە ژیان و هەستی ئەو كەسانەی بەرامبەریان لە خۆیان خراپترە و بە ڕوویێكی دیكە حاڵەتەكانیان دەبینن.





## لیمۆی سوور !

لیمۆ، ئەو میوە خۆش و بەسوودەیە کە هەمیشە دکتۆرەکان پێشنیار دەکەن بە بەردەوامی بخورێت، چونکە، پڕە لە چەندین کانزا و ماددەی باش کە بۆ تەندروستی مرۆڤ باشە. زانیومانە لیمۆ زەردە و هەمیشە بە زەردی بینراوە، ناوەوەشی هەمان ڕەنگی دەرەوەی هەیە کە زەردێکی کاڵە، بەم دواییە وادیارە لیمۆ ش نیازی وایە گۆڕانکاری لە شێوە و ڕەنگیدا بکات، ئەوەتا جووتیارێك بە ناوی (مایر وۆرکشێر) لە ناوچەی دیڤۆنی بەریتانیا لیمۆیەکی تازەی پێگەیاندووە کە ڕەنگی سوورە، ترشییەکەشی لە لیمۆی ئاسایی و ڕەنگ زەرد زیاترە و ڕەنگی سووری دەرەوەشی دەکرێت بۆ جوانکاری سەر مێزی ناندێن سوودی لێ ببینرێت.

## خەوننامە

- جلوبەرگ

هەندێ جار لە خەودا خۆت لەنێو جلی جوان و سەیر و سەمەرەدا دەبینی و لەلات سەیر دەبێ ئاخۆ چۆن ئەو جلانەت لەبەر کردووە و بە چ شێوەیەك هەڵتبژاردوون، ئەگەرچی لە خەودا ڕەنگەکان بە جوانی دیارناکەون، بەڵام کاتێك خەوەکەت بە بیر دێتەوە، دەزانی چ جۆرە جل و پۆشاکێکت لەبەر بووە. لێرەوە بابزانین مانای جلوبەرگ لە خەودا چییە. ئەگەر لە خەودا جلێکی جوان و پاك و شیکت لەبەردا بوو، مانای ئەوەیە دەوروبەرت لە هەڵسوکەوت و شێوازی ڕەفتارت ڕازین، ئەگەر لە خەودا جلێکی خراپ و دڕاوت لەبەردا بوو، مانای ئەوەیە لە نێو کێشە و گرفتدایت و پێویستیت بە چارەسەرە، ئەگەر لە خەودا کەسێك دەستە جلی بۆت هێنا، یان جلوبەرگی پێشکەشت کرد، مانای ئەوەیە کەسێك دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە و لە هەستەکانت تێبگات، ئەگەر لە خەودا جلت لەبەر نەبوو، مانای تووشی نەخۆشی و کارەسات دەبیتەوە، ئەگەریش کەسێك جلی تۆی دڕاند، مانای ئەو کەسە، یان کەسێك نیازی خراپی بەرامبەرت هەیە.



## وێنەی خۆت بە كارێ



زۆربەمان سەیری فیلمی کارتۆنیمان کردووە، جار جارەش هەر بۆ خۆشی وێنەی کارێکتەرەکانی نێو فیلمە کارتۆنییەکان بە دەست دەکێشین و هەر یەکێکیش یەکێك، یان دووانێك لە کەسایەتییەکانی فیلمە کارتۆنەکانمان بە دڵە، ڕەنگە جار جارە بە خەیاڵتدا هاتبێت کە شێوەی خۆت وەك شێوەی ئەکتەرەکانی نێو فیلمی کارتۆن بێتە بەرچاو، ئەگەرچی ئەو کارە تەنیا خەیاڵێکە، بەڵام وێنەکێش و



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویست ناکات ئەوەندە بە هەستارییەوە لە کێشە و گرفتەکانت بڕوانیت، هەوڵبدە بە سادەیی بژی و دڵت گەورە بێ. ئەوەندە بەو شێوەیە بیر لە خۆشەویستەکەت مەکەوە، لە کاتێکدا ئەو هیچ تاوانێکی نییە تا دڵی بشکێنیت. بە هۆی سەرکەوتنیشت لە پڕۆژەیەکی نوێدا دەستخۆشیت لێدەکرێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پەلە کردن لە کارەکانت تووشی هەڵە و گرفتت دەکاتەوە، هەر بۆیە هێمن و ماوەیەك ئارام گرتن داهاتوویەکی چاکی لێ بەدی دەکەیت. دەبێت زیاتر بەهێز بیت و ئەو بڕیارانە کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن. ئەمە یارمەتیت دەدات لەداهاتوو ئەو شکستانەت دووبارە نەبنەوە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسایەتیت جێگیرە و هەوڵی چارەسەری کێشەکانت بدە. کەسێکی نزیکت گلەییت لێدەکات بەوەی هیچ هەواڵی ناپرسیت و ئەوت لەبیر کردووە، بە هەمان شێوە هاوڕێکانت پێیان سەیرە کە چۆن بە ماوەیەکی کەم گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە، بۆیان روون بکەوە کە ئەوانت لەبیر نەکردووە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بڕیاری بەپەلە هۆکارێکە بۆ شکست و گرفت لە کارەکانت، هەوڵی زیاتری بدە بۆ ئەوەی لە کارەکانت سەرکەوتوو بێت. نهێنییەکانی هاوڕێکەت لای کەس باس مەکە، چەند کەسێك دەیانەوێت پلانێك دژی هاوڕێکەت دابنێن و داوات لێدەکەن کە نهێنیەکانی ئاشکرا بکەیت، چیتر هیچ قسەیەکی گرنگ لای ئەو کەسانە باس مەکە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە قسەی کەسانی دیکە هەڵمەچۆ. هەوڵبدە زیاتر خۆڕاگر بیت. ماوەی داهاتووت بەرەو سەختی دەچێ و ئاگاداری ڕەوشی خۆت بە. ئەگەر هاوسەرت نییە و ناشتوانیت بەرگەی دووری خۆشەویستەکەت بگریت، ئەوا باشترین شت ئەوەیە ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، ئەم هەفتەیە بەهۆی سەرقاڵ بوونت بە چەند کارێکی گرنگەوە زۆر ماندوو دەبیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەمیشە بیر لە ساتە خۆشەکان بکەوە و خراپترین ئەگەریش بۆ ژیانت دابنێ، چونکە ژیان بەرزی و نزمی تێدایە. بەرپرسیاریەتیت زیاتر دەبێت، ناکرێت وەك جاران بە ئاسانی هەموو شتێك لە بەرژەوەندی تۆدا بێت، هەرچەندە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕوات بە تواناکانت زیاتر بێت و دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنیت.

## تابلۆ




**- دوو پیاو ئاواتی مانگ دەخوازن**

یەکێکە لە تابلۆ ڕۆمانسییەکانی گەورەوێنەکێشی ئەڵمانی (کاسپەر دەیڤید فریدریش) کە لە ساڵی (١٧٧٤) لە شاری دریسدینی ئەڵمانیا لە دایك بووە. ئەو هەمیشە ویستوویەتی وەك وێنەکێشەکانی ئەو سەردەمەی خۆی بە کاری نایاب دەربکەوێت، تا ئەو کاتەی دەبێتە خاوەن ئەو تابلۆیەی کە هەموو وێنەکێشەکانی سەردەمی خۆی سەرسام کرد. ئەو تابلۆیەی بە ناوی (دوو پیاو ئاواتی مانگ دەخوازن)ـە کە لە ساڵی (١٨٣٠) کێشاویەتی، دوای ئەوەی چەندین بەرهەمی دیکەی هەبووە، بەڵام ئەوەیان بووە جێگەی سەرسامی زۆربەی خەڵکی شارەزا و وێنەکێشان. وێنەکە بە درێژی (٤٣ سەنتیمەتر بە پانی ٣٤ سەنتیمەتره)، دواجار بە نرخی (٢٢٠) هەزار دۆلار فرۆشراوە، بە تابلۆی زەیتی و نەخێنشراوە و لەسەر ماددەی کانەڤاس چێ کراوە، کاسپەر لە ساڵی ١٨٤٠ کۆچی دوایی کردووە.

## فێلکاری وێنە

- لەم وێنەیەدا چەندین باڵندەی کۆتر هەن، هەوڵدە ژمارەیان دیاری بکەیت و هەوڵبدە هەڵەش نەکەیت لەگەڵ سێبەرەکانیان !



## کارەکتەری کارتۆنی ببینە



هونەرمەندێکی بەڕازیلی ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ، وێنەی ئەو کەسانەی دەیانەوێ خۆیان لە شێوەی کارتۆندا ببینن، ئەویش وێنەیان دەکێشێت، هەمان شێوەی خۆت بۆ دەکێشێت، ئەو وێنەکێشە ناوی (خۆلیانۆ سیزار)ە، هەر کەسێك بیەوێت شێوەی خۆی وەك کارتۆن ببینێت، ئەو وێنەکێشە ئەو کارەی بۆ دەکات تەنانەت وەك ئەوەی خۆت کارێکتەرێکی ڕاستەقینەی نێو فیلمە کارتۆنییەکان بیت.

## یاری پیت

هەوڵبدە لە ڕیزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:

ا ك ئ س

ئاسانکاری : ئاژەڵێکە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕەنگدانەوەی کەسانی دیکە لەسەرت کێشەت بۆت دروست دەکات، لە لاساییکردنەوە دووربکەوە. ئەم ماوەیە هەست بە بێزاری دەکەی، بەڵام بۆ کاتێکی کەمە و کۆتایی پێدێت. ئەگەر کەسانی خاوەنی ئەم بورجە ئارەزوویان لە پێوەندی سۆزداری هەیە، ئەوا ئەو پێوەندییە لە ڕێگەدایە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

گرنگی بە هەنگاوەکانت بدە و کەسانی نزیکیشت فەرامۆش مەکە. بڕیاری چارەنووسساز بۆ کاتێکی دیکە دوابخە. گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەت بگرە و وا هەست مەکە هەموو کاتێك قسەی خۆت ڕاستە، ئەو کات بە شێوەیەکی زانستی بەراوردیان بکە و بۆت دەردەکەوێت کە بیروبۆچونی بەرامبەرەکەشت زۆر گرنگە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئاراستەی بڕیارەکانت با زیاتر بەرەو کێشە و گرفتەکانت بێت، نەوەك بۆ هەست و سۆز بەکاریان بهێنێت. بڕوا بەو قسانە مەکە کە دژی کەسی نزیکت دەکرێن و دوورن لە ڕاستی. دەبێت زیاتر هەوڵ بدەی بۆ گەیشتن بەو شتەی ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینی. چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش بە لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا.